# نەجیبە عومەر بۆ هەفتەنامەی ئالآی ئازادی

**لە رۆژهەلاتی ناوەراست ژن موڵك و نامووس وشەرەف پیاوە, لە ئەورووپاش كراوەتە كالآ بازرگانی بە جەستەیەوە دەكریٚ. ئەمە بیٚ حورمەتی و بیٚ ریٚزییە بەرامبەر ژن بەریٚوە دەچیٚت,**




**ئا \ مامۆستا سەلاحەدین \كەركوك \بەشی یەكەم**

**لە هەموو جیهان 25ی تشرینی دووەم بە رۆژی بەرەنگاری بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژننان دادەنریٚت, رۆژیٚكی وادا بیٚگومان واتاو بەهایەكی گرنگی هەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی, ئیٚمە هەموو دەزانین وەك خەلكی هەریٚمی كوردستان و ئیٚراق لە كۆمەلگایەكدا دەژین سەرتابایی توندوتیژییە, بۆیە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هەلوٚیست وەرگرتن لە بەرامبەری نەك تەنها ژنان بەلكو پیاوانیش پەیوەندیدار دەكات. لەم دیمانەیەدا "نەجیبە عومەر بەریٚوەبەری ئەنجوومەنی ژنان" دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان و رۆژی25ی نۆڤنبەر بۆ ئالآی ئازادی دەدویٚت**

**له راستی تێگەیشتنی توندوتیژی و چۆنیەتی تێکۆشان له بەرامبەری ئەرکێکی گران دەکەوێته ئەستۆی سەرشانی هەموومان, ئەمرۆ کەپێی دەوترێت رۆژی 25ی نۆڤنبەر له مێژوودا وا باسی دەکەن, له ساڵی 1960 دا له وڵاتی دۆنەمیك سێ خوشکی شۆرشگێر کاتێك له لایەن دەوڵەتەوه هێرش دەکرێته سەریان توندوتیژیەکی زۆر له بەرامبەریان بەرێوه دەچێت, ئەو سێ خوشکه بەرخودان دەکەن دوایی له لایەن دەسەڵاتەوه دەستگیر دەکرێن و دەست درێژی( سێکسیش) یان له بەرامبەر دەکرێت, دوایش به شێوەیەکی تراژیدی شەهید دەبن. له ساڵی 1981دا له گۆنگرەیەکی ژنان له ئەمریکای لاتین ئەو رۆژه وەك رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی بەناو دەکرێت, بێگومان ئەم رۆژه واتایەکی گرنگی هەیه له لایەك ئەو توندوتیژییەی که له لایەن دەسەڵاتدارەوه بەرێوه دەچێت, له لایەکی دیکەوه له بەر ئەوەی ژنن کاری سێکسیان له گەلدا ئەنجام دەدرێت, له بەرامبەر ئەوەدا ژنان رێپێوان و هەڵوێست و تێکۆشان دەکەن, هەتا ئەو رژێمه و سیستەمه دەروخێت, لەوێدا گرنگه بەرەنگار بوونەوه بەرامبەر ئەو سیستەمه ئەو ژنانه هەڵوێستێکی بەو شێوەێیان داوه, ناوی ئەو ژنه شۆرشگێرانه ( باتریبا و مینیرڤا و مارایا تەرسامیرابی) له تێکۆشانی ئازادیدا ئەو بزوتنەوەیی تیداین قەڵەم دەستێیك ناوی بزوتنەوەکەی داناوه, له وڵاتوکۆمەڵگای ئێمەدا نەك تەنها ساڵی جارێك بەڵکو رۆژانه کاتژمێر بەکاتژمێر تاکەکانی کۆمەلگای ئێمه رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوه, ئەوەی به پێوانی یەکەم باجی هەموو توندوتیژیەکان دەداو ئەوەی قوربانی یەکەمه ژنانن, له گەل ئەوەدا ئەرکی تێکۆشان دەکەوێته سەرشانی هەردوو رەگەزەکه,چونکه له کۆمەڵگایەك ژن چەوسایەوه و له بەرامبەری توندوتیژی هەبوو, بێگومان بەمانا هەموو کۆمەڵگا دەچەوسێت و روبەروویی توندوتیژی دەبێتەوه,**

**گرنگه بۆ هەموان بزانیین توندوتیژی وەك ووشه وەك مێژوو له کوێ هاتووه نەجیبه عومەر دەڵێت مێژووی توندوتیژی له ساڵی 1960وه دەستی پێنەکردوه, بۆچی تونوتیژی ئەوەندا بالادەسته بۆچی ئەوەنده حاکمه بۆچی ژن دەبن به قوربان ئەمانه پرسیارن پێویسته وەك مرۆڤ وەك ژن وەك پیاو له وەڵامەکەی بگەرێین, بتوانیین هەڵساندنێکی بابەتی و زانستیانەی بۆ بکەین له دواییدا بۆ ئەوەی بتوانیین به شێوەیەکی زانستیانه تێکۆشانی له بەرمبەردا بکەین, مرۆڤایەتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیه, مێژووی شارستانیەت و مێژووی ئاوابوونی کۆمەڵگا له یۆنانەوه دەست پێناکات وەك ژمارەیەکی زۆر له مێژووناسەکان باسی لێوه ئەکەن, یان به مێژووی وڵاتانی ئەورووپا دەست پێناکا,**

بەڵکو مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ئاوابوونی کۆمەڵگا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە دەست پێئەکا, ئەو مێژووەیی نوسراوەتەوە مێژووەکەی لە سیستەمی کۆیلەیەتی بەدواوە نوسراوەتەوە, یان ئەتوانیین بڵێین لە گەل ئاوابوونی سیستەمی پیاو سالاریی و یا ئاوابوونی سیستەمی چینایەتی و پلەدارییدا بە پێی داخوازی و ئەقلییەتی دەسەڵاتدار نووسراوەتەوە, بەڵام ئەمرۆ ئەوانەی مێژوو ناسن و بە ئەرکەلۆژییەوە خەریکن لە دوایی سەدەی بیست لێکۆلینەوەی گرنگ کراوە ئاماژە بە بوونی سیستەمێکی تری پێش کۆیلەیەتی دەکەن,

لە پرسیارێکدا بۆ بوونی سیستەمێکی تری پێش سیستەمی کۆیلەیەتی نەجیبە عومەر دەڵێت

لە مێژوو زۆربەی راستیەکانی توندو تیژی شاردراونەتەوە, مێژووی ئێمەش بەتایبەتی وەك گەلی کورد وەك ژنیش وەك مرۆڤایەتی 98٪ لە سەدا ژیانی کۆمەلگا و مرۆڤایەتی نەنوسراوەتەوە, لە دوای سەدەی بیست دەس بەنووسینەوەی ئەو مێژووە کراوە لەویشدا راستییەکان شاردراونەتەوە, یەکەمین کۆمەڵگایی سروشتی هەندێك لە زاناکان بە کۆمۆنەی سەرەتایی ناوی ئەنێین, لە دۆزینەوەی شوێنەولر و پاشماوەی ئێسقانەکان دەرکەوتووە پێش زایین بە ملیۆن ساڵ مرۆڤ ژیانی کردوە, لە کۆمەڵگای سروشتیدا توندوتیژی نەبووە مرۆڤەکان تێکرا پێکەوە ژیاون و خێزان نەبووە چینی بەردەستو بندەست نەبووە پێکەوە ئازادانە مرۆڤەکان ژیاون, ژنو پیاو یەکتریان نەچەوسەندۆتەوە هەرچەندە ئەو قۆناغە کلاسیکە سەرەتاییشە تا رادەیەك ئاشتی و دیموکراسی تیایدا بووە, ئەو کۆمەڵگایە لە دەست دایك پێش دەکەوێت, ئەو سەردەمە هەر چەندە فیکر پێش نەکەوتووە بەڵام سۆز حاکم بووە بە عاتیفە هەڵسوکەوت کراوە و هەستی توندوتیژی و دڕندایەتی بەرامبەر یەکتر پێش نەکەوتووە, هەموو مرۆڤەکان پێکەوە کاردەکەن هاوسەنگی لە نیو کۆمەڵگادا هەبووە, کەس لە پێناو داخوازی و ئارەزوەکانی خۆیدا یەکتر ناگوژێت, لەوی گەورەترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی ئەخولقینرێیت ئەویش لە ژێر دەستی دایکە, توندوتیژی لە گەل پێش کەوتنی کۆمەلگای کۆیلەیەتی دەست پێئەکا بە هیرش کردنە سەر ئەو شارستانییە کە بە شێوەیەکی ئاشتی پێشکەوتووە, لەو سەردەمە بندەست و سەردەست دەردەکەوێت, هەندێك مرۆڤ کار دەکەن و هەندێك لە سەر بەرهەمەکەی دادەنیشن, لەوێدا لادانێك لە کۆمەڵگا بەرەو خرابە هەنگاو دەنێت, کۆیلەیەتی توندو تیژی ژن بۆ ئەوە بەکار دێ هەر چی پێوانی جوانە ناشیرین دەکرێ, پێوانی تر دائەنرێت دوای ئەوە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دێتو خێزانەکان دەست پێئەکات, لەو کۆمەڵگایشدا لەوانەیە هەنگاوێك پێشتر چووبێت کۆمەڵگای کۆیلەیەتی تێپەراندبێ توندوتیژی لەو سەردەمە بەبنما وەردەگیرێ,

جارێکی ژن دەچەوسێنرێتەوە بە تایبەتی لە نێو خێزاندا کە وەك بچووك کراوەی ئەو سیستەمەیە واتە ژن ژێر دەستەو پیاویش بەسەر دەست ناو ئەبرێت, لەو سەردەمە ژن دەکرێت بە موڵك بە ناموس بە شەرەف پیاو دەکرێت بە شەرەف و ناموسی.
دەربارەی ناموسیش نەجیبە خان دەڵێت:
رێکخراوەکەمان ساڵی پار دەربارەی توندوتیژی کامپینێکمان راگەیاند( ئێمەی ژننان ناموسی کەس نیین, ناموسمان ئازادیمانە) ئەم دروشمە واتایەکی گرنگی هەیە, لە کوردستان و ئێراق و دەرەوی وڵاتیش لە سەر ئەم کامپینە کارمان کرد, ئەو توندو تیژیی کە دەیبیستین کە ژنێك سووتاوە یا کوژراوە زۆربەی هۆکارەکانی دەڵێن ناموسە, ناموسی باوکە یاپیاوە یابرایە کەموکورتی لە بەرامبەر کردوە, بەوە دەکوژرێت یا هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ, ئەو ئامارەی کردومانە ئەتوانین بڵێین لە98٪ ئەو ژنانەی دەکوژرێت هۆکارەکەی لە ژێر پەردەی ناموسە کاتێك ژنێك داخوازییەکانی پیاو یا باوك یا برای بەدی نەهێنابێ یا بەپێی ئەو هەڵسەکەوتی نەکردبێ ئیدی کردویەتی بە قوربانی ئەو فکرەیە وتوویەتی ژنێکی خراب بووە بۆیە وامان لێکردوە, لە راستیدا ژن موڵکی خۆیەتی دەتوانێت پارێزگاری لە ناموسی خۆی بکات.
پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەگەر ژن ناموسی پیاوە, پیاو ناموسی کێیە نەجیبە خان دەڵێت:
ئەگەر پیاوێك هەڵە بکات کێ لێپرسینەوەی لە گەلدا بکات, کاتێك لە پێوانەکانی کۆمەڵگا دێتە دەرەوە بە چ پێوانەیەك دادگایی بکرێ بێگومان ئەمانە چەمکی هەڵەن.
وشەی ناموس لە کوێ هاتووە نەجیبە عومەر دەڵێت:
لە وشەی ئۆکرۆنمس هاتووە وشەیەکی لاتینیە, کاتی گریگەکان بەکاریان هێناوە بە واتای یاسای خێزان یان بەواتای خانە دێت, لە سیستەمی سەرمایەداری پێی دەوترێت ئۆکۆنۆمیس بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە بە ئابورییەوە خەریکن, واتە وشەی ناموس لە ئۆکۆنۆمیس هاتووە, بۆیە ناموس بۆ ژن بەکارهاتووە ئۆکنۆمیس واتە وشەیەکە بەواتەی ئابووری ناس ئەوەی ئابووری بەرێوە بردوە بەرێوبەری خێزانە بۆ ئەوە بەکار هاتووە, ژن لە کاتی کۆمەڵگای سروشتییەوە یەکەم جار ئابووری کۆکردۆتەوە بە کاری ئابووری خەریك بووەو ژن بووە, لە بەر ئەوی ژن زۆر بە کاری ئابوورییەوەو خەریك بووە تا ئەمرۆش لە ناو خێزانێکدا ئابووری بە دەست ژنە راستە لە دەرەوە ئابووری پیاو تەسروف پێدەکات, بەڵام لە بەکار هێنان بەرێوە بردنی ئابوورییدا ژن زیاتر حاکمە بۆیە ئەو وشەیە زیاتر بۆ ژن بەکار هاتووە لە دواییدا وشەی ناموس بۆتە ئۆکۆنۆمیس ئەم وشەیە وەك

**چەواشەکاری لە بەرامبەر ژن بە کار هاتووە.بەم شێوەیە ژن لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بۆتە شەرەفوناموس و موڵکی پیاو.**

**ژن لە کۆمەڵگای سەرمایەداری چۆن سەیر دەکرێت نەجیبە عومەر دەڵێت:**

**ژن هەنگاوی ناوە لە موڵکوکۆیلەیەتی زیاتر هەندێك هەنگاوی تری ناوە, بەڵام ئەم جارە بووە کالاَ ئەمرۆ هەندیَ خەڵك بۆ ئەوەی شتی خراب نەبینیَ سەحن و سەتەلایت ناکریَ, هۆکاری ئەوەی بازرگانی بەجەستەیی ژننانەوە دەکریَ ئەمە لە سیستەمی کۆیلەیەتی خرابترە کۆیلایەتێکی زۆر بە سیستماتیکە, بۆ ئەوەی ژن بە شێوەیەکی ئەگتیڤ لە سیاسەتدا شوێنی خوی نەگریَ, لە بواری کۆمەلاَیەتی و ئابووری خۆی نەگریَ ژن وەك کالاَیەك بە کار دەهێننو بازرگانی پێوە دەکریَ, ئەمرۆ لە ولاَتانی ئەورووپا بازرگانی کردن بەجستەی ژنەوە یەکێکە لەو بازرگانیانەی لە ریَزی پێشەوە دائەنرێت ئەمە بیَ حورمەتیی و بیَ ریَزییە بەرامبەر بە ژن دەکرێت, چونکە ژن لە لایەن جەستەو ئەقڵەوە هیچ جیاوازییەکی لە گەل پیاودا نییە, ئەمرۆ لە رۆژهەلاَتی ناوەراست ژن بە موڵك وناموسەوە دەچەوسێتەوە, لە ئەورووپاش توندوتیژی سێکسی لە بەرامبەری بەرێوە دەچێت,**